Stop the War Coalition

Phone: 020 7278 6694 • Mobile: 07951 593525 • Press inquiries: 07939 242229 • 07951 579064

# کۆتایی هێنانی دەست بەجێ ی هێرشی سەربازی،لە لایەن هێزەکانی سوپای تورکیاوە



**سەر لە نوێ هێرشی ئاسمانی و زەمینی هێزەکانی سوپای تورکیا دەستی پێکرد، بە هاوکاری و یارمەتی دەزگای ئاسایشی ئەمریکاوە، لە ناوچە کوردی یەکان لە عێراق. کە تاکو ئێستا بۆتە هۆی کوژرانی دوو هاووڵاتی و ئاوەرەبوونی 1800 کەس لە خەڵکی کورد لە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر. لیژنەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بەشی پەناهەندەیی ڕۆژی دووشەمە بەرواری 18/12/2007 دا، نیگەرانی خۆی نیشان دا لەوەی کە زیاتر لەم ژمارەیە هاووڵاتیان دەربەدەر کراون لە شوێنی نیشتەجێبوونیان بە هۆی بۆردومانی تورکیاوە.**

**سەرەڕای ئەمانەش سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی نوردین دیمرتاس بە شێوەیەکی نایاسایی دەستگیرکراوەو ڕەوانەی زیندانەکانی تورکیا کراوە.**

**ئەوە یەکەمین جار نی یە هێزەکانی سوپای تورکیا سنوری ئەم ناوچەیە دەبەزێنن. بەڵکو تاکو ئێستا 24 جار هێرشی سەربازی یان ئەنجام داوە. هیچ جارێکییان نەی توانیوە چارەسەری مەسەلەی کورد بکات لە تورکیا، کە لە کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەوە بوونی هەیە، پاشبینی هەیە دەتوانین بڵێین هێرشی سەربازی هیچ دەسکەوتێکی نەبووە. بەڵام کوژرانی زیاتری خەڵکی مەدەنی و بێتاوانی بە دواوە بووە و بۆتە هۆی نانەوەی ناکۆکی لە ناوچەکە.**

**مەسەلەی کورد تەنها لەڕێگای ئاشتی و دیموکراتی یەوە چارەسەر دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە دیالۆگ لە گەڵ نێوێنەرانی کورد بکرێ، نەک هێرشی سەربازی، ئەمەیە ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد لە تورکیا.**

**سەرنج/ خوێنەری بەڕێز ئەم بەیاننامەیە، (ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی جەنگ ڕاگرن) لە بەریتانیا بڵاوی کردۆتەوە. ئێمەش سایتی سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان بە پێویستمان زانی تەرجوومەی بکەین بۆ سەر زمانی کوردی و بڵاوی بکەینەوە. ئەم ڕێکخراوە دەورێکی گرنگ و بێ وێنەی گێراوە لە دژی شەڕەنگێزی ئەمریکا و بەریتانیا لە عێراق و ئەفگانستان. هەر ئێستاش داینەمۆ و سەنتەری بزووتنەوەی دژی جەنگە لە سەرتاسەری جیهان. بە ڕێبەری و ڕێنمایی ئەم ڕێکخراوەیە، لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی لەندەن زیاتر لە 2 ملیۆن کەس بەشداری خۆپیشاندان بوون. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئاخیرین کۆبوونەو بریارەکانی ئەم ڕێکخراوە سەردانی سایتی ئەم ڕێکخراوە بکە: www.stopwar.org.uk یان بۆ خوێندنەوەی زیاتر بە زمانی کوردی، لە سەر کار و چالاکی یەکانی ئەم ڕێکخراوە سەردانی سایتی سۆسیالیستە ئەنتەرناسیوناکان بکە: www.kurdistansocialists.org**